## لەوسەردەمە هەموشت پێچەوانەیە؟ ... سەرکێو

ئەوسا گۆران کە ڕووی دەدا
بێڕێزیمان دەبوونە ڕێز
دزێوەکان دەبوونە جوان
کەندەڵ کارمان دەکردە پێز
بۆشۆڕش وبۆنیشتمان
*****

کەچی ئێستا لەوسەردەمە
هەموشت پێچەوانەیە
کێ؟ شۆڕشگێرو ماندووە
کێ؟سەربرزەو کێ؟قارەمانی مێژووە
ناشیرینە پاشکەوتووە
کێ؟دەست پاکە وەکو عیسا
کێ؟وەک ئەرەستۆوسوقراتەو
هەستو ویژدانی زیندووە
بێناو ونیشان ورێزە وەک مردووە
*****

ئەوەی دوێنێ مستەشار بوو
هەمو شۆڕش لەدژی بوو
دژی شۆڕش وپێشمەرگە هەرلە ڕاو بوو
وەکو تانجی مەرەزی ڕووت
لەپێشی دوژمن دیار بوو
ئێستا ئەو کورسی نشین وگەندەڵکارە
وەکو جاران هەم جاشەو هەم مستەشارە؟!
*****

لەم سەردەمە
ئەگەر چل ساڵ شۆڕشگێڕ بیت
زیرەک وزاناو وشیار بیت
قارەمانێکی بوێربیت
ڕۆژی تەنگانەی گەلەکەت
پێشمەرگەیەکی دلێر بیت
ئەگر دزو جەردە نەبی
یان خاوەنی چەند سۆزانی لەبار نەبی
یان شەریکی دزی پشتی پەردە نەبی
نەزاناو نەشۆڕشگێڕی
نەکوردی و نەخەباتگێڕی
نێرە پیاوێکی بێخێری
بۆنیشتمان و کوردستان؟!.
*****

لەندەن 2007/2/9

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.